Mitanni Journal
Mitanni Journal

Volume 6 | Issue 1 Article9

# The Role of Consciousness and Its Reflections on the Formation of Public Opinion in the Kurdistan Region

**Sarbast Hussein Qadir**
*Department of Media, College of Humanities, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region/Iraq.*

**Hemin Majeed Hassan**

*Department of Media, College of Humanities, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region/Iraq.*

Follow this and additional works at: https://journals.epu.edu.iq/index.php/Mitanni

How to Cite This Article
Qadir, S.H., 2026. The Role of Consciousness and Its Reflections on the Formation of Public Opinion in the Kurdistan Region
. Mitanni Journal, 6(1), Article 09.
DOI: https://doi.org/10.25156/ptjhss.v6n1y2025.pp133-147
This Original Article is brought to you for free and open access by Mitanni Journal. It has been accepted for inclusion in Mitanni Journal by an authorized editor of Mitanni Journal. For more information, please contact mitanni.j@epu.edu.iq

# The Role of Consciousness and Its Reflections on the Formation of Public Opinion in the Kurdistan Region

**AI usage declaration**

I confirm that The authors declares that the content of this work were not generated using AI.

**Author contribution**

The authors are responsible for all aspects of this research.

**Ethics information**

This research has adhered to all ethical considerations, and prior informed consent was obtained from the participants.

**Data availability statement**

All data are securely preserved by the researcher in both online and hard copy formats; they are stored and remain accessible by the researcher at all times.

**Funding information**

No specific funding was received for conducting this research, as it is derived from a doctoral dissertation.

**Conflict of interest**

The authors declare that there is absolutely no conflict of interest regarding the publication of this research.

**Acknowledgements**

We would like to express our sincere gratitude and appreciation to all the lecturers of the Media Departments at public universities for their cooperation in completing the research questionnaire. We also extend our thanks to everyone who contributed to the successful completion of this study.This research is derived from a doctoral dissertation.

**ORIGINAL ARTICLE**

# The Role of Consciousness and Its Reflections on the Formation of Public Opinion in the Kurdistan Region

Sarbast Hussein Qadir1 Hemin Majeed Hassan 2

[1] Department of Media, College of Humanities, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region/Iraq

[2] Department of Media, College of Humanities, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region/Iraq

Abstract:

The main objective of this study is to examine the effects of citizens' awareness level as recipients of media messages on the formation of public opinion in the Kurdistan Region regarding issues that have general dimensions and public interests. This is a descriptive research study that employed a survey method, conducting a public survey on a sample of university professors in the Kurdistan Region. Professors from communication departments in public universities of the Kurdistan Region in both Sulaymaniyah and Erbil provinces were selected from the departments of (Communication and Sociology) using a purposive non-probability sampling method. The research also relied on a quantitative approach to answer the research .questions and objectives

The most important findings reached by the research are: (The higher the level of awareness, the less polarization and division of society on the basis of party, faction, tribe and different groups in issues related to public and general interests. Low level of awareness is a factor for cultural backwardness and political, economic and administrative crises. The higher the level of awareness and collective consciousness, the better the handling of public issues, and conversely, its lowness leads to misguidance and becoming part of false public opinion. The absence of national media and the control of media by political parties is one of the factors for the non-formation of collective consciousness and comprehensive public opinion.)

**Keywords:** Role, awareness, effects, public opinion, Kurdistan Regio.

Received 04 December 2025; accepted 22 December 2025.
Available online 11 Feb 2026

* Corresponding author.
E-mail addresses: sarbastjournalist@gmail.com

*2710-2173/© 2025, Erbil Polytechnic University. This is an open access article under the CC BY-NC-ND 4.0 Licence (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/).*

# ڕۆڵی هۆشیاریی و لێکەوتەکانی لەسەر پێکهاتنی دیدیگشتیی لە هەرێمی کوردستاندا


## پووختەی توێژینەوە

ئ ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی لێکەوتەکانی ڕۆڵی دۆخی هۆشیاریی هاوڵاتیان وەک وەرگری پەیامەکانی میدیا لەسەر پێکهاتنی دیدیگشتی لە هەرێمی کوردستان سەبارەت بەو پرس و بابەتانەی ڕەهەند و بەرژەوەندی گشتیانی تێدایە. ئەم توێژینەوەی لە جۆری توێژینەوە وەسفییەکانە، تیایدا میتۆدی ڕاپێوی بەکارهاتووە، ڕووپێوی جەماوەر بۆ سامڵێك لە مامۆستایانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان. کە مامۆستایانی بەشەکانی ڕاگەیاندن و کۆمەڵناسیی زانکۆ حوکومیەکانی هەرێمی کوردستان لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەولێر وەرگیران بەشێوەی مشت(سامپڵ)ی ناهەڕەمەکیی مەبەستدا، هەروەها توێژینەوەکە پشتی بە شێوازی چەندێتی بەستووە بەمەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیار و ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

گرنترین دەرئەنجامەکانیش کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە بریتین لە : (تا ئاستی هۆشیاریی بەرزبێت لێکترازان و دابەشبوونی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای حزب و لایەن و خێڵ و گرووپی جیاواز کەمدەکات، لەو پرسانەی پەیوەستن بە بەرژەوەندی گشت و گشتییەوە. نزمیی ئاستی هۆشیاریی هۆکارە بۆ دواکەوتوویی پشێویی و قەیرانی سیاسیی و ئابوریی و فەرمانڕەوایی. تائاستی هۆشیاریی و کۆهۆشیاریی باڵا بێت مامەڵەی دروست لەگەڵ پرسە گشتییەکان دەکرێت و بەپێچەوانەشەوە نزمییەکەی دەبێتەهۆی بەلاڕێدابردن و بوون بە بەشێک لە دیدیگشتیی درۆینە، نەبوونی میدیای نیشتمانی و کۆنترۆلکردنی میدیا لەلایەن حزبە سیاسییەکانەوە، هۆکرێکە لە هۆکارەکانی درووستنەبوونی کۆهۆشیاری و دیدیگشتی سەرتاسەری.

**کلیلە وشە:** ڕۆڵ، هۆشیاریی ، لێکەوتە، دیدیگشتی، هەرێمی کوردستان.


## پێشەکیی توێژینەوە:

پسپۆڕ و شارەزایانی ڕاگەیاندن، دیدیگشتی بە بەشێك لە خودی زانستی گەیاندن و ڕاگەیاندن ناو دەبەن و لە ئێستاشدا یەکێکە لەو بوارانەی کە لەم زانستەدا بایەخی زۆری پێدەدرێت پەیوەست بە ڕەگەزێکی سەرەکی پرۆسەی گەیاندن و ڕاگەیاندن کە ئەویش ڕەگەزی سەرەکی پرۆسەکەیە و بریتیە لە (جەماوەر) یان (وەرگر).

ڕاگەیاندن بەهۆی ئەو کاریگەرییەی هەیەتی لەسەر وەرگرانی لەڕێی پەیامەکانییەوە دەتوانێت چەند ئەرکێکی گرنگ بەجێبگەیەنێت لەوانە: (ڕۆشنبیرکردن، چاودێریکردن، ئاراستەکردن، فێرکردن وگەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و کاتبەسەربردن). هەروەها ڕاگەیاندن بەگشتی و تەلەڤزیۆن بە تایبەتی دەتوانێت دیدگشتی لەسەر بابەت و پرسە جیاوازەکان پێکبهێنێت یان بە پێچەوانەوە دیدیگشتی لەسەر پرس و دۆز و ڕوداوەکان لاواز و کاڵ بکاتەوە.

هۆشیاریی و دیدگشتی دوو چەمکی دانەبڕاوی ڕاگەیاندن و پرۆسەی کۆمیونیکەیشنن چونکە وەك باسمان کرد پەیوەستن بە یەکێك لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی پرۆسەکە لە پاڵ

(نێرەر و ئامراز و پەیام و فیدباك ) کە ئەویش (وەرگر)ە هەروەها ڕاگەیاندن هۆکارێکە بۆ چاندنی هۆشیاریی و کلتور و ڕاگەیاندن یەکێکە لە هۆکارەکانی پاڵپشتیکردن و کاریگەرییدانان.ئەم توێژینەوەیە جگە لە پوختە و پێشەکی لە سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە. لە تەوەری یەکەمدا (میتۆدنامەی توێژینەوە) خراوەتەڕوو هەریەك لە (کێشە و گرنگی و ئامانجی و توێژینەوەکانی پێشوو و جۆر و میتۆد و شێواز و ئامراز و کۆمەلگە و سامپڵ و بوار و ڕاستی و جێگیری، دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە) دەگرێتەوە، لەتەوەری دووەمدا ئاماژەدراوە بە (تیۆرینامەی توێژینەوەکە) کە پێکدێت لە یەکەم (هۆشیاریی)، دووەم (دیدیگشتی)، سێیەم (جەماوەری ڕاگەیاندن)، لەتەوەری سێیەمدا لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە خۆاوەتەروو، پاشان (دەرئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان و پێشنیارەکان) خراونەتەڕوو.

**تەوەری یەکەم/میتۆدنامەی توێژینەوەکە**
**یەکەم :کێشەی توێژینەوەکە**
کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەپرسیارێکی سەرەکیدا دەبینێتەوە، (لێکەوتەکانی دۆخی لەسەر پێکهاتنی دیدیگشتی لە هەرێمی کوردستان هۆشیاریی چیە)، ئەم پرسیارە سەرەکیە دەبێتە چەند پرسیارێکی تری لاوەکی گرنگترینیان:
1- لێکەوتە ئەرێنیی و نەرێنییەکانی دۆخی هۆشیاریی چین لەسەر پێکهاتنی دیدیگشتی؟
2- لێکەوتە دەروونییەکانی دۆخی هۆشیاریی لەسەر پێکهاتنی دیدیگشتی چیە؟
3- ئایا لێکەوتە ڕەفتاریی و سۆزدارییەکانی دۆخی هۆشیاریی چین و چۆنن لەسەر پێکهاتنی دیدیگشتی؟

**دووەم: گرنگی توێژینەوەکە**

1- گرنگی تیۆری: بەهۆی فراوانبوونی ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی نوێ ئەم سەردەمە بە سەردەمی دیدگشتی ناوبرێت و یەکێک لە ئەرکەکانی ڕاگەیاندنیش بریتییە لە هۆشیارکردنەوە کۆمەڵگە لەسەر ئەو پرسانەی کە پەیوەستن بە بەرژەوەندی گشتیانەوە، بۆیە ڕاگەیاندنەکان و ڕاگەیاندکاران و کۆمەڵناسان و ئەو لایەنانەی پەیوەندیان بە تاک و کۆمەڵەوە هەیە دەتوانین سوود لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەی ئێستا وەربگرین سەبارەت بە زانینی لێکەوتەکانی  دۆخی هۆشیاریی لەسەر پێکهاتنی دیدیگشتی لە هەرێمی کوردستان.

٢- گرنگی پراکتیکی: ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە بەشدارە لە جەختکردنەوە لەسەر زانینی ئاست و ئەو دۆخە هۆشیارییەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، ئەمەش گرنگی پراکتیکی دەبێت لە ڕوانگەی ئەوەی ئەنجامەکان زانیاری نوێ پێشکەش دەکەن. گرنگییەکی کردەیی بۆ کەناڵە تەلەفزیۆنییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان هەیە، کە زیاتر بەرنامەکانیان بەو ئاڕاستەیە بێت کە بەرەو ئاراستەی هۆشیارکردنەوەی وەرگرانیان بێت کە پێکهێنەرێکی سەرەکی پرۆسەی کۆمیونیکەیشن.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە**
1- ئاشنابوون بە لێکەوتە ئەرێنیی و نەرێنییەکانی دۆخی هۆشیاریی لەسەر پێکهاتنی دیدیگشتی.
2- زانینی لێکەوتە دەروونییەکانی دۆخی هۆشیاریی لەسەر پێکهاتنی دیدیگشتی.
3- گەیشتن بە لێکەوتە ڕەفتاریی و سۆزدارییەکانی دۆخی هۆشیاریی لەسەر پێکهاتنی دیدیگشتی.
**چوارەم: توێژینەوەکانی پێشوو**
**1- توێژینەوەی وریا ڕۆستەم محەمەد (2015) بە ناونیشانی (العلاقه بين التعرض للبرامج الحوارية السياسية فى القنوات الفضائية الكردية و الوعى السياسى لدى طلاب الجامعية فى اقليم كردستان العراق).**
(بەرکەوتن بە بەرنامە سیاسییە گفتوگۆئامێزەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا و پەیوەندی بە هۆشیاری سیاسیی لای خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا).
کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە زانینی پەیوەندی بەرنامە گفتوگۆئامێزە سیاسییەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە هۆشیاری سیاسی لای خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەت دوای روخانی رژێمی پێشووی عێراق و سەدام حسێن کە ئاستی تەکنەلۆژیای پەیوەندی وکەناڵی ئاسمانی لە عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیان کرد، کە لەڕێی چەندین بەرنامەی سیاسی و گفتوگۆئامێزەوە بابەتە سیاسییەکان تاوتوێ دەکەن، توێژەر ئامانجیەتی بزانێت ئەم بەرنامانەی لەو کەناڵە ئاسمانییانەوە پێشکەش دەکرێن تا چەند توانیویانە هۆشیاری سیاسیی  لای خوێندکارانی زانکۆ دروستبکەن، توێژەر سێ کەناڵی ئاسمانیی کوردی وەك نمونەی توێژینەوەکەی وەرگرتووە کە بریتین لە کەناڵەکانی(سپێدە)، (ئێن ئار تی) و (گەلی کوردستان) بۆ زانینی ئاستی پێدانی هۆشیاری سیاسی بە گەنجان لەڕێی بەرنامە سیاسییە دیالۆگئامێزەکانیانەوە، توێژینەوەکە لە جۆری وەسفیە و توێژەر لە ڕێگەی شیکردنەوەی ناوەڕۆك و ڕاپێوینامەوە زانیارییەکانی کۆکردووەتەوە بۆ گەیشتن بە ئەنجام.
کۆمەڵی توێژینەوەکە بریتین لە کەناڵەکانی (سپێدە)، (ئێن ئار تی) و (گەلی کوردستان) مشتی توێژینەوەکە بریتیە لە بەرنامەکانی (دووجار بیربکەرەوە)ی کەناڵی ئێن ئارتی، بەرنامەی (کەوانە)ی گەلی کوردستان و بەرنامەی (گفتوگۆ) لە کەناڵی سپێدە لە ماوەی نێوان 2013/10/1 بۆ 2013/12/31  مشتی مەیدانیی توێژینەوەکەش بریتیە لە خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەجۆرێك 500 ڕاپێوینامەی بەسەر پێنج زانکۆی حکومی و تایبەتی هەرێمی کوردستان بە یەکسانی دابەشکراوە کە بریتین لە زانکۆ حکومییەکانی (سەلاحەدین، سلێمانی و دهۆك) هەروەها زانکۆ تایبەتەکانی (جیهان و لوبنانی فەرەنسی).
گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتوون بریتین لە:
زۆرترین ئەو بابەتانەی کە لەو بەرنامانەدا وروژێنراوون بریتیبوون لە (دیموکراسی، مافی هەڵبژاردن و ڕێککەوتنی ستراتیژیی).
زۆربەی خوێندکارانی زانکۆ، بۆچوونیان ئەرێنیی بوون سەبارەت بەو بەرنامە گفتوگۆئامێزانەی لەو کەناڵانەوە پێشکەش دەکرێن بەهۆکارێکی دەزانن بۆ بەئاگابوونیان لە ڕووداو پێشهاتە سیاسییەکان.
خوێندکارانی زانکۆ بە شێوەیەکی گشتی ڕۆشنبیری سیاسیان لە ئاستێکی باشدایە و لە چەندین سەرچاوەی جۆراجۆرەوە بەدواداچوون بۆ

بابەت و رووداوە سیاسییەکان دەکەن.
بەرنامەی (دوو جار بیربکەرەوە)ی کەناڵی ئێن ئارتی لە پلەی یەکەمدا هاتووە کە خوێندکارانی زانکۆ بۆ پرس و بابەتە سیاسییەکان پشتیان پێبەستووە و بەدوای ئەودا بەرنامەی کەوانەی گەلی کوردستان و لە پلەی سێیەمیشدا بەرنامەی دیالۆگی کەناڵی سپێدە دێت.
پاڵنەری سەرەکی بەرکەوتنی خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ بەرنامە سیاسییەکان بریتییە لە بەدەستهێنانی زانیاریی سیاسی و بەئاگابوونیان لە رووداوەکانی دەوروبەر.

**2- توێژینەوەی یونس (2013)بە ناونیشانی ( "The role of social media in creating political awareness and mobilizing political protests: A Focus on Turkey")**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (رۆڵی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی لە دروستکردنی هۆشیاری سیاسیی و کۆکردنەوەی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی) تورکیا بە نمونە
کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە نادیاریی رۆڵی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتیی لە دروستکردنی هۆشیاریی سیاسیی لای گەنجانی تورکیا و کۆکردنەوەی دەنگی ئۆپۆزسیۆن لە دەوری یەکترو ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە گەیشتنە بەو رۆڵەی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی هەیانە لەسەر دروستکردنی هۆسیاری سیاسیی لای گەنجان وەك بەکارهێنەرێکی چالاکی ئەو تۆڕانە، توێژینەوەکە لە جۆری وەسفییە و گەنجانی وەك مشتی توێژینەوەکە وەرگرتووە لە ئیستانبوڵ و ئەنکەرە وەك دوو شاری گرنگ و گەورە لە تورکیا کە رۆڵی یەکلاییکەرەوەیان هەیە لە پرۆسە سیاسییەکاندا توێژەر تەنیا راپێوپینامەی وەك ئامراز بۆکۆکردنەوەی زانیارییەکان لە بەرتوێژان بەکارهێناوە. توێژینەوەکە بە گشتی لە سێ بەش پێکهاتووە و بەشی یەکەمی بۆ رێبازنامە و دووەم بۆ لایەنی تیۆری و سێیەم بۆ لایەنی مەیدانی تەرخانکراوە
گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیانگەیشتووە ئەمانەن:

- گەنجان زۆر پشت بە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی دەبەستن بە تایبەت بۆ ئەو پرسانەی پەیوەستە بەو توێژەوە
- بە بۆچوونی گەنجان تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ناوەندێکی گونجاوون بۆ بەئاگابوون لە چەندین سەرچاوەی زانیاریی جۆراوجۆر
- هۆشیاری سیاسیی بە تایبەت و هۆشیاریی بە گشتی لای گەنجان بە رێژەیەکی بەرز لە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت.

**ب- ئەو توێژینەوانەی باسی دیدگشتی دەکەن:**

**3- توێژینەوەی عادل حەمەعارف موئمین (2023) بە ناونیشانی (کاریگەریی فەیسبووك لەسەر پێکهاتنی رایگشتی) خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بە نمونە.**

- کێشەی توێژەر بریتیە لە نادیاریی و ناروونیی کاریگەری فەیسبووك وەك بەگۆڕی سەربەخۆی ناونیشانی توێژینەوەکەی لەسەر پێکهاتنی دیدگشتی لای خوێندکارانی زانکۆ کە بەگۆڕی وابەستەی ناونیشانی توێژینەوەکەیە و توێژەر دەیەوێت بزانێت کە ئایا کاریگەرییەکانی فەیسبووك چین لەسەر پێکهاتنی دیدیگشتی لای خوێندکارانی زانکۆ ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە رەنگدانەوەی راستەوخۆی کێشەکەیە کە بریتیە لە گەیشتن و ناسینی کاریگەرییەکانی فەیسبوك لەسەر پێکهاتنی دیدگشتی. توێژینەوەکە لە جۆری وەسفیە و بۆ لایەنی مەیدانییەکەشی پشتی بە (رێکاری روماڵ/ مسحی) بەستووە و بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە بەرتوێژان پەنای بۆ راپێوینامە بردووە.
- توێژینەوەکە سێ بەشە و بەشی یەکەمی تەرخانکراوە بۆ رێبازنامەی توێژینەوەکە و هەر یەکە لە (کێشە گرنگی ئامانج سنور ناساندنی چەمك و زاراوە و دروستی و جێگیریی و توێژینەکانی پێشوو)ی تێدا خراوەتەڕوو. بەشی دووەم تەرخانکراوە بۆ لایەنی تیۆریی و هەر یەکە لە چەمکەکانی ( فەیسبووك و دیدگشتی) پاڵپشت بە سەرچاوەی زانستیی خراوەتەبەر باس لە بەشی سێیەمدا ئەنجامەکانی راپێوینامەکە خراونەتەڕوو و تایبەتە بە لایەنی مەیدانیی.
- لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژەر پێیان گەیشتووە بریتیە لە:
- - فەیسبوك کاریگەریی لەسەر ئاراستەی گەنجان هەبووە سەبارەت بەو پرس و بابەتانەی کە رەهەند و بەرژەوەندی گشتیان هەیە.
- - زۆرینەی بەرتوێژان دەڵێن بەرێژەیەکی بەرز ئەو بابەتانەی لە فەیسبووك بڵاودەکرێنەوە گوزارشت لە دید و بۆچوونی ئەوان دەکات.
- - فەیسبووك کاریگەریی هەیە لەسەر پێکهاتنی دیدیگشتی بەو هۆکارەی زیاتر لە کەناڵەکانی راگەیاندنی کلاسیکیی توانای بڵاوکردنەوەی داتا و زانیاریی هەیە لە رووی بری هەواڵ و خێرایی گەیاندنی زانیارییەکان.
- **4- توێژینەوەی boyle susan (2008) بە ناونیشانی** ( The effects of television news broadcasts on political participation and interest in the US presidential elections as a public opinion issue)
- رۆڵی گەشتی هەواڵەکان لە کەناڵ ئاسمانییەکانی ئەمریکا لەسەر بەشداریی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا لای وەرگر وەك بابەتێکی دیدیگشتی
- ئەن توێژینەوەیە لە جۆری وەسفیە و کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە ناڕوونی و نادیاریی رۆڵی گەشتی هەواڵە سیاسییەکان لە کەناڵە ئاسمانییەکانی ئەمریکا لەسەر بەشداری جەماوەر لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا وەك بابەتێك کە پەیوەستە بە دید و بەرژەوەندی گشتییەوە.
- ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە گەیشتن بەو رۆڵەی کە گەشتی هەواڵە سیاسییەکان دەیبینن لەسەر بەشداری جەماوەر لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکا توێژەر راپێوپینامە (فۆرمی راپرسیی) بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی لە بەرتوێژان بەکارهێناوە کە مشتی

توێژینەوەکەی لە وەرگرانی کەناڵە ئاسمانییەکا پێکهاتوون. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیانگەیشتووە بریتین لە:
-وەرگران بۆ وەرگرتنی زانیاریی و هۆشیاری سیاسیی بەشێوەیەکی بەرچاو پشت بە هەواڵی کەناڵەکان دەبەستن بە تایبەت لە سەروبەندی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ئەمریکا
-بەهۆی فرەچەشنی لە تەکنیك و پەخش گەشتی هەواڵە سیاسییەکان کاریگەریی لەسەر دیدیگشتی دروستدەکات بۆ بەشدارییان لە پرۆسەی هەڵبژاردن
-بەهۆی چڕیی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لە میدیا و ڕەنگدانەوەی لە گەشتی هەواڵەکاندا زۆرترین کاریگەریی دەکاتە سەر دید و بۆچوونی وەرگر لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا.
- دەکرێت لەم چەند خاڵەدا سودی توێژینەوەکانی پێشوو لەم توێژینەوەیەدا بخەینەڕوو کە بریتین لە:
● بەرچاوڕوونی و ئاشنابوون بە چۆنێتی و جۆری میتۆدی بەکارهاتوو لە توێژینەوەکاندا.
●بەکارهێنانی بەشێکیان وەک سەرچاوە بۆ ئەم توێژینەوەیە و گەڕان بەدوای هەندێک لە ئەو سەرچاوانەی کە توێژینەوەکانی پێشوو بەکاریانهێناوە و بەکارهێنانەوەیان لەم توێژینەوەیەدا.
● سودوەرگرتن لێیان بۆ نوسینی پرسیار و کێشەی ئەم توێژینەوەیە و ئاشنابوون بەو ئامراز و ڕێکارانەی کە لەو توێژینەوانەدا بەکارهاتوون.

**پێنجەم: جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە لەڕووی جۆرەوە دەچێتە چوارچێوەی توێژینەوە وەسفییەکان و تیایدا گونجاوترین میتۆدی تێدا پەیڕەوکراوە کەئەویش میتۆدی ڕووپێوە بەمەبەستی وەسفکردن و شیکردنەوەی بیرۆکەی توێژینەوەکە.

**شەشەم: کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە**

پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندن و کۆمەڵناسیی لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان (سلێمانی، صلاح الدین، پۆلیتەکنیکی سلێمانی، پۆلیتەکنیکی هەولێر) ڕەنگدانەوەی لە کۆمەڵی توێژینەوەکەدا هەیە، سامپڵی توێژینەوەکەش لە جۆری ناهەڕەمەکیی مەبەستدارە کە ژمارەیان (179)کەسە کە لەیەك کاتدا کۆمەڵگا و سامپڵیشە بە پێی تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکان، لە کۆی گشتی تەنها (152) فۆڕم گەڕاوەتەوە وەك لە خشتەی خوارەوە خراوەتەڕوو. کە لێتوێژراوان ژمارەیان (١٧٩) کەسە و پێکهاتبوون لە (پرۆفیسۆر، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، مامۆستا و مامۆستای یاریدەدەر)ی زانکۆ لە زانکۆکانی (سلێمانی، سەڵاحەددین، پۆلیتەکنیکی سلێمانی و پۆلیتەکنیکی هەولێر). وەرگرتنی ئەم سامپڵە مەبەستدارەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕاگەیاندن پسپۆڕیی بواری توێژینەوەکەیە و دیدیگشتیش وەک بەگۆڕێک(گۆڕاوێکی) ناونیشانی توێژینەوەکە پەیوەستە بە پسپۆڕیی کۆمەڵناسیی و تاکەکانی کۆمەڵ. کۆی ژمارەی مامۆستایان، کە فۆڕمیان بەسەردا دابەشکراوە (١٧٩) مامۆستا بووە، لە کۆی ئەم ژمارەیەش (152) فۆڕمممان بۆ گەڕایەوە، بڕوانە خشتەی (1).

خشتەی (1)

| ناوی زانکۆ | ناوی بەش | ژمارەی مامۆستایان | فۆڕمی گەڕاوە |
|---|---|---|---|
| زانکۆی سلێمانی | بەشی ڕاگەیاندن | 28 | 26 |
| | بەشی پەیوەندییە گشتییەکان | 10 | 8 |
| | بەشی کۆمەڵناسی | 22 | 19 |
| زانکۆی سەڵاحەددین/ هەولێر | بەشی ڕاگەیاندن | 25 | 21 |
| | بەشی کۆمەڵناسی | 46 | 39 |
| زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی | بەشی تەکنیکی میدیا | 19 | 17 |
| | بەشی پەیوەندییە گشتییەکان و بازاڕگەری | 16 | 11 |
| زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | بەشی تەکنیکی میدیا | 13 | 11 |
| | **کۆی گشتی** | 179 | 152 |

**حەوتەم: ئامرازی توێژینەوەکە**

بەمەبەستی گەیشتن بەوەڵامی پرسیار و ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەران لەم توێژینەوەیەدا فۆڕمی ڕاپرسیان بەکارهێناوە بە شێوەی (Google Form) و فۆڕمی دەستی وەک گونجاوترین ئامرازی توێژینەوەی زانستی بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتا و زانیاریی پەیوەست

بەپرسیارەکان وئامانجەکانی توێژینەوەکە.

**هەشتەم: ڕاستی وجێگیری ئامرازی توێژینەوەکە**

ا- توێژەران کاریان لەسەر ڕاستی ڕواڵەت کردوە بۆ ئامرازەکانی توێژینەوەکە، بەجۆرێك پاش گەڵاڵەکردنی فۆڕمی ڕاپرسی بەشێوەی سەرەتایی، فۆرمەکە دراوەتە چەند پسپۆڕێك[1] لەبواری ڕاگەیاندن و کۆمەڵناسیی، بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی وتۆمارکردنی تێبینیەکان، لەسەر ئەو بنەمایەی هاوکێشەی هۆڵستی بەکارهێنرا بۆ دەرخستنی ڕێژەی ڕاستیی بەمجۆرە:

ڕاستی ڕواڵەت=برگە ڕاستەکان/کۆی برگەکان × ١٠٠ = (93.6٪)، کەئەم ڕێژەیە ئاماژەیە بۆ بەرزی ڕاستی ئامرازەکانی توێژینەوەکە.

ب- هەروەها لەدەرهێنانی جێگیری داتاکانی توێژینەوەکەدا، ڕێژەی جێگرێی بریتییە لە (86،5٪).

دەرهێنانی ڕێژەی جێگیریی لەڕێی هاوکێشەی هۆڵستییەوە بەم شێوەیەی خوارە:

جێگیریی = ( کۆی برگە لێکچووەکانی جاری یەکەم و دووەم ÷ کۆی برگەکانی جاری یەکەم و دووەم) x 100

کەواتە جێگیریی دەکاتە (654 ÷756)x 100= (86،5).

**نۆیەم: سنووری توێژینەوەکە**

١ سنورو بوارەکانی توێژینەوەکە لە چوار ڕەهەندەی جیاوازەوە دیاریکراون، کە پێکهاتوون لە:

1- سنوری بابەت: سنوری بابەت لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە دۆخی هۆشیاریی و لێکەوتەکانی لەسەر دیدیگشتی لە هەرێمی کرورد‌ستان.
2- سنوری شوێن: سنوری شوێن لەم توێژینەوەیەدا هەرێمی کوردستان
3- سنوری کات: ماوەی دەستپێکردنی پراکتینامەی ئامرازەکەیە، بەم شێوەیە: فۆڕمی ڕاپرسی لە ڕێکەوتی 1- 3-2025 تا 1-6-2025.
4- سنوری مرۆیی: سنوری مرۆیی لەم توێژینەوەیەدا پێك دێت لە مامۆستایانی زانکۆ لە بەشەکانی ڕاگەیاندن و کۆمەڵناسیی بەشێک لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان.

**دەیەم: چەمکەکانی توێژینەوەکە**

**ڕۆڵ: لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لەوکاریگەریی و هێزەیە کە ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر تاك وکۆمەڵگە.**

**هۆشیاریی:** مەبەست لە ئاستی ئاگایی و تێگەیشتن و هەستکردنی وەرگری ڕاگەیاندنە کە هەر ئەم وەرگرانە بریتین لەو تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردیی، سەبارەت بەو پرسانەی پەیوەستن بە بەرژەوەندیی و ماف و ئەرکەکانیان لە هەرێمی کوردستاندا.

**لێکەوتە:** لەم توێژیتەوەیەدا مەبەست لە ئەوکاریگەریی و ڕۆڵەیە کە دۆخی هۆشیاریی جەماوەر هەیەتی لەسەر دیدگشتیی.

**پێکهاتن:** لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لێی پرۆسەی دەرکەوتن و دروستبوونی دیدگشتییە لە ناو جەماوەری هەرێمی کوردستادا..

**دیدیگشتی:** لێرەدا مەبەستمان دید و تێڕوانین و مامەڵە وکاردانەوە و ڕەفتاری گشتی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانە سەبارەت بەو بابەت و پرس و شتانەی کە پەیوەستن بە بەرژەوەندی گشتیانەوە.

**هەرێمی کوردستان:** ناوچە و سنورێکی جوگرافیی دیاریکراوە و دەکەوێتە ژێر فەرمانڕەوایی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی کۆماری عێراق و لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا دانیپێدانراوە. (دەستوریی هەمیشەیی عێراق مادەی113). کە پێکهاتووە لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک).

لەڕوی زمانەوانییەوە هۆشیاریی کە لە زمانی ئینگلیزیدا بە وشەکانی،( AwarnessیانConsciousness) گوزارشتی لێدەکرێت و لە زمانی عەرەبیدا بە (وعی) هێمای بۆ دەکرێت واتای هەست و پێزانینی ئاوەزیی و ژیریی مرۆڤە سەبارەت بەو شتانەی لە چواردەوری دەگوزەرێن و ڕودەدەن.(بعلبکی و منیر، 261:2009)

بنچینەی وشەکەش لە (Conscientia) ی لاتینیەوە هاتووە و دواتر چووەتەناو زمان و فەرهەنگی میلەتانی دیکەوە بە کەمێک گۆڕانکاریی یان گۆڕنکاریی تەواوەتی لە وشەکەدا.( الحنفی، 2000: 496).

---

[1] پ. ی. د. پەیمان عەبدولقادر مەجید قادر، بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

پ. ی. د. کاروان عەلی قادر، بەشی پەیوەندییە گشتیەکان و بازاڕگەری، کۆلێجی تەکنیکی کارگێری، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

پ. ی. د. کاروان محەمەد حەسەن، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

پ. ی. د. بەرهەم خالید ئەحمەد، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

پ. ی. د. کارزان محەمەد ئەحمەد، بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێجی تەکنیکی کارگێری، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

پ. ی. د. بەناز حەمەرەشید حەسەن، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

لە زمانی کوردیشدا وشەی ئاگایی یان هۆشیاریی بەکاردەهێنرێت و مەبەستیش لێی هەمان ئەو واتایەیە کە لە زمانەکانی دیکەدا بۆ پرۆسە ئاوەزەییەکەی مرۆڤ دیاریکراوە و مەبەست لێی بەئاگابوون و ئاشنابوون و زانینی هەست و ژیریی مرۆڤە بەو شتانەی لە چواردەوری و ناخیدا ڕوودەدەن. (سادق، 2001: 308).
هۆشیاریی بریتییە لە هەموو ئەوەی هەستی پێدەکەین، درکی پێدەکەین و تێیدەگەین، بۆ یەکەمجاریش لەلایەن زانا و بیریاری ئینگلیزیی (فرانسیس بەیکن) لە ساڵی (١٥٠٠)ی زایینی چەمکی هۆشیاریی بەکارهاتووە و تۆمارکراوە و دواتر (جۆن لۆک) فیسیاناز و فەیلەسوفی بەریتانی و چەندین پسپۆڕ و زانای دەروونناسیی و کۆمەڵناسیی چەمکەکەیان لەبواری مرۆییدا بەکارهێنا. ( حسن، ژیان هادی، ٢٠٢٢: 37).
هۆشیاریی پرۆسەیەکی هزریی ویژدانییە کە هەردولایەنی هزریی و ویژدان لەخۆدەگرێت بەجۆرێک لایەنی هزریی لە پلەی یەکەمی پێکهێنانیدا دێت و لایەنی ویژدانیش تەواوکاریی پرۆسەی پێکهاتنی هۆشیارییە. ( صبرینة، 2012: 43).
هۆشیاریی درککردنە لەسەر بنەمای هەستکردن و زانین کە یارمەتی تاکەکان دەدات لە بڕیاردانیان سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو. (عطوة، ٢٠١٣: 10). هۆشیاریی هەڵسوکەوتێکی کۆمەڵایەتییە بە درککردنێکی قوڵەوە لەلایەن تاک و کۆمەڵ سەبارەت بە خودی خۆیان و ژینگەی دەوروبەریان. ( بكار، ٢٠٠٠: 55). هۆشیاری گوزارشتە لە ئاستی درك پێکردن و زانین و زانیاری مرۆڤ بۆ شتەکانی دەورەبەری کە وا دەکات لە پەیوەندییەکەی ڕاستەوخۆ دابێت، لەگەڵ هەموو ئەو ڕوداوانەی لە دەوروبەریدا ڕوودەدەن، هەروەها بنەمای تێگەیشتن و کۆزانیارییە، کە بەهۆیەوە مرۆڤ بیردەکاتەوە و بەدواداچوون بۆ بیروباوەڕو ڕەفتار و داب و نەریت و ڕووداوەکانی دەوربەری دەکات، بەمەبەستی دۆزرینەوە و دوڵنیابوونەوە لە لایەنە شارەوەکانیان. (محمد، 2020: 14).
هۆشیاری بریتییە لەتێگەیشتن لە چالاکی کەسانی دەوروبەر، کە ئەم تێگەیشتنە بەرنامە و ڕێڕەوێک بۆچالاکی تایبەتی تاك فەراهەم دەکات (Reinhardt, 2012: https://www.researchgate.net).
**سەرنج:** لە ئەنجامی ئەو سەرچاوە زانستیانەی توێژەر بەرچاوی کەوتوون و بەکاریهێناون لەم توێژینەوەیەدا بۆ باسی هۆشیاریی و لەم واتا زمانەوانییەوە، ئەوە تێدەگەین کە هۆشیاریی پەیوەستە بە ژیری و نیشانەشە بۆ زیندوێتی مرۆڤ، چونکە ئەگەر مرۆڤ دوو مەرجی سەرەکیی تێدا نەبێت ئەوا هۆشیاریی بوونی نابێت، ئەوانیش بریتین لە ئاوەز یان ژیریی تەندروست و زیندوێتی، چونکە دەکرێت مرۆڤ زیندوو بێت بەڵام ئاوەزی تەندروست نەبێت وکێشەی ژیریی و ئاگایی هەبێت، یان دەکرێت کەسێک مرۆڤێکی ژیر بووبێت بەڵام ئێستا زیندوو نیە کە ئەمەش وادەکات مرۆڤەکە بەهەمان شێوە هۆشیاریی نەبێت و بە تەواوی لە چالاکییە ئاوزیی و جەستەیی و زیندەچالاکییەکانی دادەبڕێت. ( داماسیو، 2010: 88).

**1- چەمکی هۆشیاریی لە ڕووی زاراوەوە:**

زۆرینەی توێژەر و پسپۆڕانی دەرونیی و مرۆڤناسیی (ئەنترۆپۆلۆجی) و فەلسەفیی ڕوبەڕوی ئاستەنگ و قورسیی دەبنەوە کاتێک دەیانەوێت گرنگیی و تێگەیشتنێکی جێگیر و چەسپاو بۆ چەمکی هۆشیاریی دەستنیشان بکەن و لەسەری ڕێکبکەون، ئەمەش وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا هۆکارەکەی بۆ ئەو لێڵی و ئاڵۆزییە دەگەڕێتەوە کە خودی چەمکەکە هەیەتی سەرباری گرنگیی و ڕۆڵەکەی لە ژیانی مرۆڤدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدان بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستیی سەبارەت بە چەمکەکە زیاتر و زیاتر دەمانگەیەنێت بە جەوهەر و واتا و ئەرک و گرنگیی هۆشیاریی لە ژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتییدا. ( سلیم، 2002: 223).
بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە زاراوەی هۆشیاریی پسپۆڕان دوو پۆلێنکارییان کردووە بەمشێوەیە:

**ا- هۆشیاری خودیی یان گشتی.**

بریتیە لەو هۆشیارییەی تاک هەیەتی بۆ هەموو ئەو ڕوداوانەی لەدەوروبەریدا ڕوودەدەن جا بینراو یان نەبینراو بن، کە بەشێوەیەکی خودی و سەربەخۆیانە هەوڵی چارەسەر و کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە دەدات و بنچینەی ئەم هۆشیارییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زانین و پاشخانەی زانیاریی کە بەشێکن لە تایبەتمەندیی مرۆڤ لە (سۆز و هەست و ئەندێشەکانی). کە وادەکەن مرۆڤ بابەتێک وەربگرێت یان ڕەتیبکاتەوە تەنیا بەو مێشەکەوێنەیەی (صورة الذهنية) هەیەتی سەبارەت بە بابەتەکان بێئەوەی بە زارەکیی دەریانبڕێت، هەر خودی بیرکردنەوەی مرۆڤ لە خۆی و هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی بەشێکە لەو هۆشیارییە خودییە و وادەکات تاک باشتر و چاکتر و دروستر مامەڵە لەگەڵ خۆی و چواردەوریدا بکات.

**ب- کۆهۆشیاریی:**

ئەم ڕەوتە پێیان وایە لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا هۆشیارییەک دروست دەبێت لە ئەنجامی بەرکەوتنی تاک بە تاکەکانی کۆمەڵەکەی و لەهەمان کاتدا پەیوەندی و بەرکەوتنی تاک بە سروشت و دەوروبەری سەبارەت بە هەموو ئەوانەی لەگەڵیاندا دەژی، واتە هۆشیارییەکە پرۆسەیەکە لە ئەنجامی بەرکەوتن و کارلێکی تاک لەگەڵ ژینگەی چواردەور و تاکەکانی کۆمەڵگە بونیادی دەنێت و لێرەشەوە فێردەبێت چۆن مامەڵە بکات لەناو جەماوەر و کۆمەڵگەدا و هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی بونیاد دەنێت. (دافیدوف، 1992: 295).
پێناسەی هۆشیاریی لە ڕوانگەی توێژەرەوە: لەسەر بنەمای ئەو زانیاریی و سەرچاوانەی توێژەر بینیونی و خوێندوویەتییەوە لەسەر چەمکی هۆشیاریی دەتوانین بڵێین هۆشیاریی: ئاگایی و تێگەیشتنی تاکە سەبارەت بەو ڕووداو و پێشهاتانەی لە چواردەور و خودی خۆیدا ڕوودەدەن کە لە ئەنجامی ئەو ئاگاییەی مامەڵە و ڕەفتاریان بەرامبەر دەنوێنێت.

**جۆرەکانی هۆشیاریی:**

بەو هۆکارەی هۆشیاریی پەیوەستە بە خودی مرۆڤ و ژینگەی دەوروبەری، سروشتێکی فرەچەشنی دەداتێ، هۆشیاری تاک یان کۆمەڵ بۆ هەر شت و بابەتێک دەبێتە جۆری هۆشیاریی سەبارەت بەو شتە یان بابەتە کە ژماردنیان کارێکی ئەستەمە، بەڵام سەرەکیترینیان ئەمانەن:

**1- هۆشیاریی خودیی:**
بریتیە لە هۆشیاری تاک سەبارەت بە خودی خۆی، لە ڕوی دەرونیی و دەرەکیی کە لایەنی بایەلۆجی و دەرونییەکەی دەگرێتەوە، واتە هەبوونی هۆشیاریی سەبارەت بەوەی ئەوکێیە لە ڕوی دەرونییەوە، چی دەوێت و ئارەزوی چی دەکات و دژی چیە لە ڕووی دەرەکیی یان فیزکییەوە، واتە ڕەگەز و لایەنی بایەلۆجی چیە نێرە یان مێ، شێوەی جەستە و پێکهاتەکانی لەخۆ دەگرێت کە هۆشیاریی خودی هاوکاری تاک دەکات بۆ مامەڵەکردن و شێوازی ڕەفتارکردن و وەڵامدانەوەی سەبارەت بە ژینگەی دوروبەر و دەرەوەی خۆی و تەنانەت چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ خودی خۆشیدا.

**2- کۆهۆشیاریی یان هۆشیاریی گشتی:**
کۆهۆشیاریی بریتییە لە کۆی ئەو ژینگەیەی تاک لە کۆمەڵگەدا بەریاندەکوێت و پەیوەستە پێیانەوە لەسەرجەم کایەکانی ژیان( زانستیی، پیشەیی، ژینگەیی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسیی وکایەکانی دیکەی ژیان) و جۆرە کۆدەنگیی و مانادانێکی گشتییە لەنیوان ئەندامانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا سەبارەت بە کایە و بەهاکانی ژیانیان. (بوجلال، 1991: 42-45).

**3- هۆشیاری سیاسیی:**
ژیانی کۆمەڵایەتیی واتە ئەو شوێنەی تاک لەناوکۆمەڵدا تێیدا دەژی وکۆمەڵیش بێ سیاسەت نابێت، فەرمانڕەوایی و ئیدارەدان سروشتی مرۆڤە و پێویستە سیستمێکی سیاسیی یان شێوازێکی فەرمانڕەوایی کۆمەڵگە بەڕێوەببات، کە تێیدا ماف و ئەرک و یاساکان لەناویدا جێبەجێ دەکرێت و بەمەش دەوترێت هۆشیاری سیاسیی و تاک و جەماوەر دەبنە بەشێک لەو سیستمە سیاسییە یان دژی دەوەستنەوە بەرمەبنای ئەو هۆشیاریی و ئاگاییەی هەیانە. (بن خلدون، 1965: 711-712).

**4- هۆشیاریی ئابوریی:**
هۆشیاریی ئابوریی پەیوەستە بە جوڵەی بازرگانی و زانستی ئابوری لە بەرهەمهێنان و پڕکردنەوەی پێداویستی هاوردە و هەناردە، هۆشیاریی ئابوریی هەر کۆمەڵگەیەک یەکسانە بە ئاستی پێشکەوتنی تاک وکۆمەڵگە. چونکە تا ئاستی هۆشیاریی ئابووری بەرزبێت ئەوا داهات و پڕکردنەوەی پێداویستیی و خۆشگوزەرانیی و ئاسانکاریی لەو کۆمەڵگەیە زیاتر دەبێت و جۆرێتی ژیان لە ڕوی خزمەتگوزاریی تەندروستی و پەروەردەیی و خزمەتگوزارییە گشتییەکانیش باشتر و چاکتر دەبن. نەبوونی هۆشیاریی ئابوریی، وڵات وکۆمەڵگە ڕوبەڕوی هەژاریی و قورسیی دەکاتەوە لەسەرجەم بوارەکاندا.(Curran, 1979: 234).

**5- هۆشیاری ئاینیی:**
هۆشیاری ئاینیی و ئاین بەشێکی دانەبڕاوە لە مێژوی مرۆڤایەتییدا، کە بریتیە لە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای نەگۆڕ هەروەها کۆمەڵێک ڕێکار و سروتی تایبەتە کە بە هۆکارێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی مانەوە و ئارامی دەرونیی وکۆمەڵایەتیی دادەنرێت لە جیهاندا، هۆشیاریی ئاینیی و ئاشنابوونی تاک بە ئاینی زۆرینەی کۆمەڵەکەی هۆکارە بۆ یەکتر قبوڵکردن و پێکەوەژیان، نەبوونی هۆشیاری ئاینیی و خراپ تێگەیشتن لە ئاین دەبێتەهۆی پشێوی و تێکدانی ئارامیی و پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتیی.

**6- هۆشیاریی ڕۆشنبیریی:**
ڕۆشنبیریی لە واتا گشتییەکەیدا زانین و زانستە. هۆشیاری ڕۆشنبیریی وادەکات تاک لە ڕوی کۆمەڵایەتیەوە پێگەی بەرزتربێتەوە، هۆشیاری ڕۆشنبیریی واتە ئاگاداربوون لە داب و نەریت و ئاین و ژیانی ڕۆژانە و ژینگەی دەوروبەر و تەنانەت هۆشیارییە بە خودی هۆشیارییش.(محمد، 1980: 222).

**تایبەتمەندییەکانی هۆشیاریی:**

- **زیندوێتیی**: هۆشیاریی یەکێکە لە نیشانە و ئاماژەکانی زیندوێتیی چونکە تا ئەوکاتە بوونی هەیە مرۆڤ زیندووە و بە مردنی نامێنێت.
- **بەشێکە لە دەرون و ناوەڕۆکی مرۆڤ**: هۆشیاریی بریتییە لەو پرۆسە ئاڵۆزەی کە لە ئاوەز و ژیریی مرۆڤدایە و پێکهاتەی مێشکی مرۆڤ کە ملیۆنان خانە و دەمار و دەمارەخانەی تێدایە هۆکاریی پێکهاتنی هۆشیاریی مرۆڤن و ئەمەش وادەکات هۆشیاریی لەناو ناخی مرۆڤەکاندا بێت نەک لەدەرەوەی مرۆڤ و ڕەفتار و مامەڵەی خۆی لەگەڵ خۆی و دەوروبەریدا پێ ڕێکبخات و لە ڕەفتاریدا دەردەکەوێت. (Hasker, 1999: 278).
- **گەشە و بەرەوپێشچوونی بەردەوام**: هۆشیاریی بە سروشتی خۆی گەشەدەکات بەپێی ئەزموون و تەمەنی مرۆڤ و بەرکەوتنی بە ژینگەی دەوروبەر و خوێندن وگەڕان ئەمەش وادەکات بەردەوام لە پرۆسەیەکی داینامیکی وگەشەی بەردەوامدا بێت.
- **گشتگیریی**: لەبەر ئەوەی هۆشیاریی پەیوەستە بە بوون و زیندوێتی مرۆڤەوە هەر بۆیە هۆشیاریی پەیوەستە بە کۆی ئەو هەڵوێست و هەڵسوکەوت و ژینگە مادیی و نامادییەی کە پەیوەستن پێیەوە و هەموو کایەیەکی مرۆڤ لە ژیاندا پەیوەستە بە هۆشیارییەوە، هەر بۆیە جۆرەکانی هۆشیاریی ناتوانرێت بژمێردرێن.
- **نادیاریی**: هۆشیاریی بە سروشتی خۆی پێکهاتە و دیاردەیەکی نابەرجەستەیە و پەیوەستە بە کارلێک و لێکدانەوەی ئاوەزیی مرۆڤ، بەڵام لە هەڵسوکەوت و ڕەفتار و گوفتاریی کەسەکاندا دەردەکەوێت و خۆی بەرجەستە دەکات سەبارەت بە پرس و بابەت و ڕوداوەکان لە شێوازی (هەڵوێست، ڕەفتار، دورکەوتنەوە، پاڵپشتی....). (Hellman, 1975: 551).

**ئاستەکانی کاریگەریدانانی ڕاگەیاندن لەسەر وەرگر:**

**1- ئاوەز (ژیری):**
یەکێك لەو ئاستانەی کە تەلەڤزیۆن لە ڕێگەی پەیامەکانیەوە کاری لەسەر دەکات و کاریگەریی لەسەر دادەنێت ئاوەز و ژیری مرۆڤە، ئەویش

لە ڕێگەی شیكاری و بنكۆڵكاری و ناساندن و لێكدانەوەی ڕەهەندە جیاوازەكانی بابەت و ڕوداو و دیاردەكان و ئاشنا كردنی وەرگر پێیان، كە ئەمەش پرۆسەیەكی لەسەرخۆ و درێژخایەنە و كاریگەریەكی بەهێزی لەسەر ئاوەز و ژیری مرۆڤ هەیە، لە ڕێیەوە بەهاو پاشخانی زانیاری و بیریان بوونیاد دەنێت. (عبدالحمید، 2001: 302).

2- **هەست و سۆز**

كاركردن و كاریگەریی دانان لەسەر هەست و سۆزی وەرگر یەكێكە لە ئامانجەكانی پشت پەیامی هەر كەناڵێكی تەلەڤزیۆن ی و ڕاگەیاندن، لە ڕێیەوە سۆز و لایەنداری جەماوەر بۆخۆی ڕادەكێشێت و ئاراستەیان دەكات بەو جۆرە دەیەوێت، لێرەدا ژیری و ئاوەز پشتگوێ دەخات و گرنگی بەلایەنی هەست و سۆزی تاك دەدات، زۆرجاریش لەكاتێكدا پەنا دەبرێتەبەر وروژاندنی هەست و سۆز، ئەگەر هەنگاوی یەكەم واتە ژیری كاریگەری نەبێت، بەتایبەتی لە دۆخە لەناكاوەكاندا, بۆ نمونە لەكاتی ڕووداوە لەناكاوەكانی وەك بڵاوبونەوەی  نەخۆشی و جەنگ و كارەساتی سروشتی.

**3- ڕەفتار**

بریتییە لە وەڵامدانەوەی هەردوو كاریگەری ئاوەزی و هەست و سۆزی وەرگر سەبارەت بە پەیامە میدیاییەكان و ئەو گۆڕانكاریانەی تیایاندا ڕوویداوە لەسەر هەردوو ئاستی زانیاری و سۆزداری، لەئەنجامدا لە ڕەفتارەكانیدا ڕەنگ دەداتەوە و دەبینرێت. (عبدالحمید، 2001, ص. 303).

**دووەم/ دیدیگشتی:**

**ڕەهەندی مێژوویی دیدیگشتی:**

پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندن و گەیاندن پێیان وایە، دیاردەی دیدیگشتی و ڕاگەیاندن دوو دیاردەی كۆمەڵایەتین ڕەگ و ریشەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی كۆمەڵگە سەرەتاییەكانی مرۆڤایەتیی و درووستبوونی دامەزراوە جیاجیاكان لەم كۆمەلگایانەدا كە لەسەرەتادا وەك هەر بوارێكی دیكەی ژیان گرنگیدان پێی سنووردار بووە، لەگەڵ ئەوەشدا بووەتە ڕێگە خۆشكەر بۆ ئەو گەشەسەندنەی بە درێژایی و تێپەڕبوونی كات سەبارەت بە دیدیگشتی و ڕاگەیاندن بەرهەم هاتووە. (نامق، 2021: 13). دیدیگشتی دیاردەیەكی مرۆییە و مێژوی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی مرۆڤایەتیی و دروستبوونی كۆمەڵە سەرەتاییەكان و گەشە و گۆڕان و بەرەوپێشچوونیشی پەیوەستە بە بەرەپێشچوون و گۆڕانی سەرجەم كایەكانی ژیان بە درێژایی قۆناغەكانی مێژوو، بەڵام بەكارهێنانی چەمكەكە هێندە مێژوویەكی دوری نیە و هەندێك لە شارەزایانیی كۆمەڵناسیی و سیاسەت دەگێڕنەوە بۆ شۆڕشی فەرە ن.سیی، بەشێك لە پسپۆڕانی كۆمەڵناسیی و سیاسیی ئەم سەدەیەی ئێستا بە سەدە و سەردەمی دیدیگشتیی ناودەبەن، بەهۆی پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا و زانستەكانی سیاسیی و ئابوریی و سەربازی و پیشەسازیی.

بەرەوپێشچوونی ئامێرەكانی پەیوەندیكردن و مانگە دەستكردەكانیش وایكردووە ئەم سەردەمە بە سەردەمی دیدیگشتی و هەژموونی ڕاگەیاندن ناوبنرێت بەهۆی ئاسانی ئاڵوگۆڕی دید و بۆچوونەكان لەسەرانسەری جیهان و خێرایی بڵاوبوونەوەی هەواڵ و زانیارییەكان، هەروەها تێكەڵبوونی بەرژەوەندییە ئابوری و سیاسیی و سەربازییەكان وایكردووە دید و بۆچوونەكان زیاتر پەیوەست بن بە سیاسەت و بڕیاری وڵاتانی زلهێز و خاوەن سەرمایە و لەوێشەوە دیدیگشتی پێئاڕاستە دەكەن بەو جۆرەی كە دەچێتە چوارچێوەی بەرژەوەندی سیاسیی و ئابوریيان (مەجید,2024: 12).

**1- پێناسەی دیدگشتی:**

دیدیگشتی وەک چەمكێكی پەیوەست بە زانستی مرۆیی چەندین پێناسەی جیاجیای بۆكراوە و تائێستاش پێناسەیەكی یەكگرتوو و هاوبەشی بۆ دیارینەكراوە، ئەمەش لەبەر جیاوازیی لە دید و بۆچوون و تێگەیشتنی پسپۆڕانی ڕاگەیاندن، كۆمەڵناسیی، دەروونناسیی و سیاسیی، سەبارەت بە دیدیگشتی.

دوب (Doob) پرۆفیسۆرو دەروناسیی ئەمریكیی پێناسەی دیدیگشتی دەكات بەوەی: بریتییە لە خوێندنەوە و تێگەیشتن و بۆچوونی كۆمەڵێك كەسی دیاریكراو كە ئەندامی یەک گروپ یان دەستەن سەبارەت بابەتێكی دیاریكراو، (Doob, 1950: 89-91).

(ڕۆبێرت گەڵت) پسپۆڕی دەروناسیی ئەمریكیی پێناسەی دیدیگشتی دەكات بەوەی تێگەیشتنێكی دیاریكراوە سەبارەت بە بابەتێكی دیاریكراو كە بەرژەوەندی و مافی گشتی تێدایە بۆ ئەندامانی كۆمەڵ و گروپێكی دیاریكراو لە كات و شوێنێكی دیاریكراودا. (Gault, 1923 :176) .

(وڵیام ئەڵبیگ) توێژەر و دەرووناسی ئەمریكیی لە چەند ڕەهەندێكەوە پێناسەی دەكات كە ئەمانەن:

- **دیدیگشتی** بریتیە لە كارلێكی تاك لەگەڵ گروپ و كۆمەڵەكەیدا سەبارەت بە باتێكی دیاریكراو كە شایەنی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنە لەپێناو بەرژەوەندی كۆمەڵەكە بە گشتی.

پێناسەی توێژەر: لەسەر بنەمای كۆی ئەو سەرچاوە و زانیاریيانەی لەسەر چەمكەكە بینیمان و خوێندمانەوە گەیشتین بەوەی دیدیگشتی: دیدی زۆرینەی كۆمەڵێكە لە كات و شوێنێكی دیاریكراو سەبارەت بە پرسێكی دیاریكراو بەجۆرێک بەرژەوەندی گشتییانی تێدایە جا دەكرێت بەشێوەی ئاشكرا یان نهێنی خۆی بنوێنێت.

**پێنجەم: تایبەتمەندییەكانی دیدیگشتی:**

توێژەران و پسپۆڕانی ڕاگەیاندن و كۆمەڵناسیی و پەیوەست  بە دەروونناسیی تائێستا نەگەیشتوونەتە دیاریكردن و جێگیركردنی چەند تایبەتمەندییەكی نەگۆڕ بۆ دیدیگشتیی ئەمەش لەبەر ئەو جیاوازییە كەسیيانەی كە هەر كام لەم پسپۆڕ و توێژەرانەی لە سەر دیدیگشتی لێكۆڵینەوە و توێژینەوەیان كردووە هەر كامیان لە گۆشەنیگای و تێگیشتن و پێگەیشتنی خۆی كۆمەڵێک تایبەتمەندیی بۆ دیدیگشتی

دیاریکردووە کە بە شێوەیەکی گشتی خۆیان لەمانە دەبیننەوە:
1- **نادیاری:** دیدیگشتی بە شێوە سروشتییەکەی نادیار و شاراوەیە هەتا ئەوکاتەی ڕوداو یان پرس و بابەتێک سەرهەڵدەدات و لەو کاتەدا خۆی دەنوێنێت، لە شێوەی هەڵوێست و توڕەیی و دەربڕینی هاوسۆزیی و لابوون.
2- **هێز و پتەویی:** یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دیدیگشتی بەو پێیەی دیدی زۆرینەی کۆمەڵێکە لە ناوچە و کاتێکی دیاریکراودا، هێز و کاریگەریی هەیە، ڕوداو و بابەت و پرس و بڕیارەکان یەکلایی دەکاتەوە جا بە لەگەڵبوون و برەودان بێت بە باتەکە یان کۆتاییهێنان و لەناوبردنی لەڕێی لەدژوەستانەوە و ڕێگریکردن بێت. ( العبد، ١٩٩٧: 126).
3- **ناجێگیریی:** دیدیگشتی بەشێوەیەکی سروشتیی دۆخێکی ناجێگیریی هەیە سەبارەت بە پرس و ڕوداوو و پێشهاتەکان و ڕێژەییە، بەجۆرێک لاواز و بەهێز دەبێت یان دەگۆڕێت و لە باشترین دۆخیدا بەنەمان یان گەیشتن بە ئامانج دیدەگشتییەکە دەپوکێتەوە و نامێنێت، ئەمەش وادەکات دیدیگشتی جگە لە دیدیگشتی درێژخایەن کە پێشتر باسمان کرد و زیاتر پەیوەستە بە باوەڕ و ئاین و کلتور و پیرۆزییەکانی مرۆڤ کە گۆڕانکاریی تێیاندا ئەستەم و قورسە، جۆرەکانی دیکەی دیدیگشتی شیاوی گۆڕانن بەپێی کات و شوێن و گەیشتن بە ئامانج.
4- **دەربڕین و گوزارشتکردن:** دیدیگشتی لە ئەنجامی کارلێک و لێکدانی زانیاریی و تێگەیشتنی ئاوەزیی و ناسکاریی کەس و تاکەکانە لە کۆمەڵدا، کە ئەنجامی ئەم لێکدان و ئاڵوگۆڕە مێشکییە لەڕێی دیدیگشتییەوە بەرجەستەدەبێت و گوزارشتی لێدەکرێت و لە شێوەی ڕقلێبوونەوە یان لەگەڵ بوون و هاوسۆزبوونەوە بۆ بابەت و پرسەکە دەردەبڕدرێت لە کۆمەڵدا.(prche,Vincent, 1992*: 65*).
5- **متمانە و دڵنیایی:** بەوپێیەی دیدیگشتی لە ئەنجامی کارلێک و ئاڵوگۆڕیی ئاوەزییانەی تاکەکان و پێکەوە لە کۆمەڵدا دێتەبوون، هەر بۆیە دڵنیایی و متمانە دەبنە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دیدیگشتی تا ئاستی زانیاریی و توانای بیرکردنەوە و تێگەیشتنی تاک و کۆمەڵ بەرز بێت دیدەگشتییەکەش متمانەپێکراوتر و بەهێزتر دەبێت.
6- **ناخۆڕسکیی و ناسروشتیی:** دید لەڕێگەی فێربوون و ئەزموونەوە پێکدێت، واتە بابەتێکی بەدەستهاتووە و خۆڕسك و سروشتی نییە، مرۆڤ لە ئەنجامی بەرکەوتنی بە ژینگەی دەوروبەرو دۆخ و ڕووداوە جیاوازەکانەوە لە قۆناغەکانی ژیانیدا فێری دەبێت.

### تەوری سێهەم/لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

بەپێی دابەشبوونیان لێتوێژراوانی زانکۆی سەڵاحەدین پلەی یەکەمیان گرتووە و بەدوایدا زانکۆی سلێمانی دێت، هەر یەکە لە زانکۆکانی پۆلیتەکنیکی سلێمانی و هەولێریش بەدوای یەکدا پلەکانی سێیەم و چوارەمیان گرتووە، ئەم جیاوازییەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە یەکەمیان ژمارەی مامۆستایانی هەندێک بەش بە نمونە کۆمەڵناسیی زانکۆی سەڵاحەدین دوو هێندەی ژمارەی مامۆستایانی بەشی کۆمەڵناسیی زانکۆی سلێمانییە، هەروەها ژمارەی مامۆستایانی زانکۆکانی پۆلیتەکنیک کەمترن و لێتوێژراوانی سلێمانی ڕێژەی گەڕاندنەوەی فۆڕمەکانیان بەرزترە لە هەولێر. بڕوانەی خشتەی (2).

خشتەی (٢)
**دابەشبوونی لێتوێژراوان بەپێی زانکۆکانیان**

| ناوی زانکۆ | دووبارە | ٪ | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| زانکۆی سلێمانی | 53 | 34،8 | دووەم |
| زانکۆی سەڵاحەددین/ هەولێر | 60 | 39،5 | یەکەم |
| زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی | 28 | 18،4 | سێیەم |
| زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | 11 | 7،3 | چوارەم |
| **کۆی گشتی** | **152** | **٪100** | |

**ژمارە و ڕێژەی گەڕانەوەی ڕاپێیوینامەکە بەپێی بەشەکان لە زانکۆ:**

ئەنجامەکان دەریدەخەن کە لێتوێژراوانی بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سەڵاحەدین لە هەولێر پلەی یەکەمی گرتووە لە ژمارەی ئەو فۆڕمانەی گەڕاندویانەتەوە و بە دروستیی پڕیانکردووەتەوە لە کۆی 46 مامۆستا تەنیا حەوت فۆڕممان بۆ نەگەڕاوەتەوە وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت و ڕێژەکەی39،5٪، لە پلەی دووەمدا بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی و پلەکانی سێیەم و چوارەمیش هەر یەکە لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سەڵاحەدین وکۆمەڵناسی زانکۆی سلێمانی گرتوویانە، هەرچی پلەکانی پێنجەم تاحەوتەمیشە بەشەکانی ( تەکنیکی میدیای زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، پەیوەندییە گشتییەکان و بازارگەری زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، تەکنیکی میدیای زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر و پەیوەندییە گشتییەکانی زانکۆی سلێمانی) گرتوویانە. هۆکاری ڕیزبەندییەکەش بە پلەی یەکەم بۆ ژمارەی مامۆستایانی بەشەکان دەگەڕێتەوە کە ژمارەی مامۆستای هەندێک بەش زۆرترە بەراورد بە هەندێکیان هاوشێوەی ژمارەی مامۆستایانی بەشی کۆمەڵناسیی زانکۆی سەڵاحەدین. بڕوانەی خشتەی (3).

**خشتەی (3)**
**ژمارە و ڕێژەی گەڕانەوەی ڕاپێیوینامەکە بەپێی بەشەکان لە زانکۆ:**

| ناوی بەش | دووبارە | ٪ | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی | 26 | 17،1 | دووەم |
| بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی زانکۆی سلێمانی | 8 | 5،3 | حەوتەم |
| بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سلێمانی | 19 | 12،5 | چوارەم |
| بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سەڵاحەددین | 21 | 13،8 | سێیەم |
| بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سەڵاحەددین | 39 | 25،7 | یەکەم |
| بەشی تەکنیکی میدیای زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی | 17 | 11،2 | پێنجەم |
| بەشی پەیوەندییە گشتییەکان و بازارگەری زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی | 11 | 7،2 | شەشەم |
| بەشی تەکنیکی میدیای زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | 11 | 7،2 | شەشەم |
| **کۆی گشتی** | **152** | **100٪** | |

**4- ئەو بابەت و پرسانەی زیاتر گرنگییان پێدەدرێت:**

بابەتی ڕامیاریی زۆرترین گرنگیی پێدەدرێت لەلایەن لێتوێژراوان و لە پلەی دووەمیشدا ئابووریی دەێت، ئاینی پلەی سێیەمی ڕیزبەندییەکەی گرتووە و لە پلەکانی چوارەم تا یانزەیەم( کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، ڕۆشنبیری، خێزانیی، تەندروستی، تەکنەلۆژیی، وەرزشی، هونەری) بەدوای یەکدا دەبینرێن وکەمترین ژمارەی لێتوێژراو بژاردەی ( بەزمەساتیان هەڵبژاردووە) ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە سروشتی هەرێمی کوردستان و سیستمی سیاسیی و هەڵکەوتەی جوگرافیی و قەیرانەکانی داراییی و زاڵبوونی سیاسەت و ئاین، وایانکردووە کە هەر سێ بژاردەی (ڕامیاریی و ئابوریی و ئاینیی) سێ پلەی یەکەمی ڕیزبەندییەکە بگرن و بوارەکانی دیکە هێندە بایەخیان نەبێت بەراورد بە سیاسەت و ئابوری و پرسە ئاینییەکان لەلایەن ئەم مشتەی کە پێکهاتوون لە توێژێکی بەئاگا و هۆشیاریی کۆمەڵگە. لەم پرسیارەدا لێتوێژراوان ئازادیی ئەوەیان هەبووە کە زیاتر لە بژاردەیەک هەڵبژێرن. بڕوانەی خشتەی (4).

**خشتەی (4) ئەو بابەت و پرسانەی زیاتر گرنگییان پێدەدرێت**

| بژاردەکان | دووبارە | ٪ | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| ڕامیاری | 109 | 22،7 | یەکەم |
| ئابووری | 57 | 11،9 | دووەم |
| وەرزشی | 26 | 5،4 | دەیەم |
| ڕۆشنبیری | 39 | 8،2 | شەشەم |
| ئایینی | 47 | 9،8 | سێیەم |
| هونەری | 14 | 2،9 | یانزەیەم |
| تەندروستی | 29 | 6،1 | هەشتەم |
| تەکنەلۆژیی | 28 | 5،8 | نۆیەم |
| پەروەردەیی | 44 | 9،2 | پێنجەم |
| خێزانیی | 30 | 6،3 | حەوتەم |
| بەزمەسات | 11 | 2،3 | دوانزەیەم |
| کۆمەڵایەتی | 45 | 9،4 | چوارەم |
| **کۆی گشتی** | **479** | **100٪** | |

**٥- بۆچوونی لێتوێژراو سەبارەت بە کاریگەریی میدیای نوێ:**
سێ بەشی لێتوێژراوان کە زۆرینەیەکی بەرچاون بۆچوونیان وایە کە لەئێستادا میدیای نوێ لە پلەی یەکەمی ئەو هۆکار و ئامرازە میدیاییانەیە کە تاک و وەرگر بەگشتی هۆشیاریی لێوەردەگرن و کاریگەریی ئەرێنیی و نەرێنیی لەسەریان هەیە بەپێی ئەو بەرهەم و پەیامەی کە بەریدەکەون، بەجۆرێک شوێنی بە ڕۆڵ و کاریگەریی خێزان و ناوەندە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکانیش چۆڵکردووە کە ئەم کاریگەریی و ئالودەبوونەی میدیای نوێش لە ئێستادا ئەوەی بە چاو دەیبینین و ڕۆژانە هەستی پێدەکەین بە ئاشکرا لەسەر تاک و کۆمەڵگە دیارە چ ئەرێنی و نەرێنیی، پلەکانی دووەم و سێیەم بەدوای یەکدا بژاردەکانی (تاڕادەیەک و هەندێکجار) گرتویانە. بڕوانەی خشتەی (5).

**خشتەی (5) بۆچوونی لێتوێژراو سەبارەت بە کاریگەریی ڕاگەیاندن و میدیای نوێ لەسەر هۆشیاریی:**

| بژاردەکان | دووبارە | ٪ | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر | 114 | 75 | یەکەم |
| تاڕادەیەک | 30 | 19،7 | دووەم |
| هەندێکجار | 8 | 5،3 | سێیەم |
| **کۆی گشتی** | **152** | | |

**6- بەرزیی ئاستی هۆشیاریی و ناسینی ڕەهەندە یاساییەکەی دیدیگشتی**
زۆرینەی لێتوێژراوان وەڵامەکانیان بەو ئاراستەیەیە کە بەرزی ئاستی هۆشیاریی هاوکار دەبێت لە ناسینی ڕەهەندە یاساییەکەی دیدیگشتی لای تاک و وەرگر و پلەی یەکەمیش (بەتەواوی لەگەڵیدام) گرتوویەتی و (لەگەڵیدام) لە پلەی دووەم دەبینرێت، (نازانم) سێیەمی ڕیزبەندییەکەی گرتووە لە پلەی کۆتایدا (بەتەواوی لەگەڵیدانیم) دێت، کەواتە ئاستی بەرزیی هۆشیاریی هۆکار و هاوکاری هەر تاک و کۆمەڵێک دەکات بۆ زیاتر ئاشنابوون و ناسینی ڕەهەندێکی گرنگیی دیدیگشتی کە ئەویش ڕەهەندی یاساییەکەیەتی. بڕوانەی خشتەی (6).

**خشتەی (6) بەرزیی ئاستی هۆشیاریی و کاریگەریی لەسەر ناسینی ڕەهەندە یاساییەکەی دیدیگشتی.**

| بژاردەکان | دووبارە | ٪ | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەتەواوی لەگەڵیدام | **83** | **54،6** | یەکەم |
| لەگەڵیدام | 63 | 41،5 | دووەم |
| نازانم (دڵنیانیم) | **4** | **2،6** | سێیەم |
| لەگەڵیدا نیم | . | . | . |
| بەتەواوی لە گەڵیدانیم | **2** | **1،3** | چوارەم |
| **کۆی گشتی** | **152** | **100٪** | |

**7- هەڵکشانی ئاستی هۆشیاریی و ئاشنابوون بە ڕەهەندە سیاسیی و نیشتمانییەکانی دیدیگشتی.**
لەم خشتەیەدا و لە وەڵامەکاندا هاوشێوەی خشتەکانی پێشوو لەم تەوەرەدا دەردەکەوێت بژاردەی ( بەتەواوی لەگەڵیدام) یەکەمی ڕیزبەندییەکە و (لەگەڵیدام) دووەمی گرتووە بە ڕێژەیەکی بەرز بەراورد بە باژردەکانی نازانم لە پلەی سێیەم و بە تەواوی لەگەڵیدانیم) کە لە پلەی چوارەمدا دێت و هیچ کام لە لێتوێژراوان بۆ ئەم پرسیارە بژاردەی (لەگەڵیدا نیم)یان هەڵنەبژاردووە. ئەمەش بەهەمان شێوەی وەڵامەکانی دیکەی ئەم تەوەرە دەرخەری ئەوەیە کە بەرزی ئاستی هۆشیاریی کاریگەریی ئەرێنیی و سودی هەیە بۆ ئاشنابوون و ناسینی ڕەهەندە سیاسیی و نیشتمانییەکەی دیدیگشتی کە دوو ڕەهەندی گرنگن بۆ ئەم پرسە.بڕوانەی خشتەی (7).

**خشتەی (7) هەڵکشانی ئاستی هۆشیاریی و ڕۆڵی لە ئاشنابوون بە ڕەهەندە سیاسیی و نیشتمانییەکانی دیدیگشتی**

| بژاردەکان | دووبارە | ٪ | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەتەواوی لەگەڵیدام | 78 | 51،3 | یەکەم |
| لەگەڵیدام | 68 | 44،7 | دووەم |
| نازانم (دڵنیانیم) | 4 | 2،6 | سێیەم |
| لەگەڵیدا نیم | . | . | . |
| بەتەواوی لە گەڵیدانیم | 2 | 1،3 | چوارەم |
| **کۆی گشتی** | **152** | **٪100** | |

**8- بەرزیی ئاستی هۆشیاریی و ناسینی ڕەهەندە ئاینیی و دەروونییەکانی دیدیگشتی**
بەپلەی یەکەم لێتوێژراوان بۆ ئەم پرسیارە بژاردەی (بە تەواوی لەگەڵیدام) و بە پلەی دووەم (لەگەڵیدام)یان هەڵبژاردووە و (نازانم) پلەی سێیەم و کۆتایی گرتووە، ئەم ئەنجامەش جەخت لە وەڵامەکانی دیکەی بەرتوێژان دەکاتەوە سەبارەت بەم تەوەرە کە لێیانکراوە و ئەوە دەردەخەن کە بەرزی و هەڵکشانی ئاستی هۆشیاریی هۆکار و هاوکار و پێویستە بۆ ناسین و ئاشنابوونی تاک بە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی دیدیگشتیی بە ئاینییشەوە. بڕوانەی خشتەی (8).

**خشتەی (8) بەرزیی ئاستی هۆشیاریی و کاریگەریی لەسەر ناسینی ڕەهەندە ئاینیی و دەروونییەکانی دیدیگشتی.**

| بژاردەکان | دووبارە | ٪ | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەتەواوی لەگەڵیدام | 86 | 56،6 | یەکەم |
| لەگەڵیدام | 60 | 39،5 | دووەم |
| نازانم (دڵنیانیم) | 6 | 3،9 | سێیەم |
| لەگەڵیدا نیم | . | . | . |
| بەتەواوی لە گەڵیدانیم | . | . | . |
| **کۆی گشتی** | **152** | **٪100** | |

**9- کاریگەریی هۆشیاریی لەسەر ئاگاداریی پێشوەختە لە لێکەوتەکانی دیدیگشتیی.**
لە پلەی یەکەمی ڕیزبەندییەکەدا بۆ ئەم پرسیارە بژاردەی( بەتەواوی لەگەڵیدام) دێت و دووەمیش(لەگەڵیدام) گرتوویەتی بژاردەی نازانم بە جیاوازییەکی زۆر لەگەڵ یەکەم و دووەم پلەی سێیەم و کۆتایی خشتەکەی گرتووە، کە ئەمەش ئەو ئەنجامە نیشان دەدات کە هەڵکشانی ئاستی هۆشیاریی تاک و کۆمەڵ دوردەخاتەوە لە مەترسیی و لێکەوتە نەرێنییەکانی پەیوەست بەدیدیگشتیی و پێدانی زانیاریی لەسەر لێکەوتە ئەرێنییەکانی سەرجەم چالاکییە مەدەنییەکانی هاوشێوەی دیدگشتیی. بڕوانەی خشتەی (9).

**خشتەی (9) هەڵکشانی ئاستی هۆشیاریی و کاریگەریی لەسەر هەبوونی زانیاریی پێشوەختە سەبارەت بە لێکەوتە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بەشداریی لە چالاکییە مەدەنییەکانی هاوشێوەی دیدیگشتیدا.**

| بژاردەکان | دووبارە | ٪ | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەتەواوی لەگەڵیدام | 85 | 55،9 | یەکەم |
| لەگەڵیدام | 58 | 38،2 | دووەم |
| نازانم (دڵنیانیم) | 9 | 5،9 | سێیەم |
| لەگەڵیدا نیم | . | . | . |
| بەتەواوی لە گەڵیدانیم | . | . | . |
| **کۆی گشتی** | **152** | **٪100** | |

**10- کاریگەریی ئاستی هۆشیاریی لەسەر دەمارگیری:**

ئەنجامەکان نیشانی دەدەن کە لێتوێژراوان وەک بژاردەی یەکەم (بەتەواوی لەگەڵیدانیم) و لە پلەی دووەمی ئەم پرسیارەدا بژاردەی (لەگەڵیدام)یان دەستنیشانکردووە و (نازانم) پلەی سێیەم و کۆتایی ڕیزبەندیی خشتەکەی گرتووە بەجۆرێک کۆی وەڵامەکانی ئەم تەوەرەی ڕاپێوینامەکە لەیەک نزیکن وەڵام و ئەنجام و ژمارەکانی هەردوو بژاردەی (بەتەواوی لەگەڵیدام و لەگەڵیدام) لە سەرجەمیاندا پلەی یەکەم و دووەمیان گرتبوو ئەمەش بەواتای ئەوە دێت کە بەرزی ئاستی هۆشیاریی بە گشتی هاوکار و هۆکارە بۆ بڕیار و ڕەفتاری دروست بەرامبەر بە مامەڵەکردن و ناسینی دیدیگشتیی. بڕوانەی خشتەی (10).

**خشتەی (10) کاریگەریی بەرزیی ئاستی هۆشیاریی لەسەر دوربوون لە دەمارگیریی سەبارەت بە پرس و بابەتە گشتییەکان**

| بژاردەکان | | دووبارە | ٪ | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| بەتەواوی | | | | |
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |

**11- هۆشیاریی و ئاسودەیی ویژدان و دەرون سەبارەت بە ئەرکی هاوڵاتیبوون.**

لەم پرسیارەدا کە بەشێوازی نەرێنیی کراوە بژاردەی (بەتەواوی لەگەڵیدانیم) پلەی یەکەمی گرتووە و (لەگەڵیدانیم) پلەی دووەمی گرتووە نازانم لە پلەی سێیەمدا دێت و پلەی چوارەم و کۆتاییش بە جیاوازییەکی زۆر لەگەڵ پلەکانی یەکەم و دووەم (لەگەڵیدام) گرتوویەتی کە ئەمەش دەریدەخات بەردەوام بەرزیی ئاستی هۆشیاریی بەپێچەوانەی پرسیارەکەی ئێمەوە سودی هەیە بۆ ئەوەی لەڕووی دەرونییەوە تاک ویژدانی ئاسودەبکات سەبارەت بە ماف و ئەرکەکانی وەک هاوڵاتی لەچوارچێوەی کۆمەڵەکەیدا. بڕوانەی خشتەی (11).

**خشتەی (11) بەرزیی ئاستی هۆشیاریی کاریگەریی نیە لەسەر ئاسودەبوونی دەرونیی و وژدانیی تاک بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی بۆ بەرژەوەندی گشتیی.**

| بژاردەکان | دووبارە | ٪ | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەتەواوی لەگەڵیدام | . | . | . |
| لەگەڵیدام | 8 | 5،3 | چوارەم |
| نازانم (دڵنیانیم) | 16 | 10،5 | سێیەم |
| لەگەڵیدا نیم | 72 | 47،4 | دووەم |
| بەتەواوی لە گەڵیدانیم | 56 | 36،8 | یەکەم |
| **کۆی گشتی** | **152** | **100٪** | |

**دەرەنجام وراسپاردەکان و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە**

**یەکەم/دەرئەنجامی توێژینەوەکە**

1. میدیای نوێ و تەلەڤزیۆن دوو کاریگەرترین و باوەڕپێکراوترین ئامرزان کە وەرگران زانیاریی لێبدەستدەهێنن و ڕادیۆش کەمترین پشتی پێدەبەسترێت.
2. زۆرینەی لێتوێژراوان پێیانوایە میدیا و میدیای نوێ لە ئێستادا زۆرترین کاریگەرییان هەیە لەسەر هۆشیاریی و ناهۆشیاریی وەرگر و تاک و کۆمەڵ، بەراورد بە خێزان و ناوەندە پەروەردەیی و ئاینییەکان کە لە ڕابردوودا ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە بۆ چاندنی هۆشیاریی لای تاک.
3. بەرزیی کۆهۆشیاریی و هۆشیاریی هۆکارە بۆ ناسینی ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی دیدیگشتیی و ئاشنابوون پێیان.

4. سیستەمی سیاسی و دابەشبوونی کۆمەڵگا بەسەر حزب و بەرژەوەندی جیاواز لە هەرێمی کوردستان ڕێگرە لە بەردەم کۆهۆشیارییەکی سەرتاسەری.
5. ئاستی کۆهۆشیاری وەرگر لە هەرێمی کوردستان لە ئاستی پێویستدا نییە سەبارەت بە پرسە گشتییەکان

**دووەم/ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە**

**لەسەربنەمای ئەو لێکەوتە (دەرئەنجام)انەی کە توێژەر پێی گەیشتوە ئەم ڕاسپاردانە دەخاتە بەردەم دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و لایەنە پەیوەندیدارەکان.**

1) زانکۆکان بەتایبەت بەشی ڕاگەیاندن کاربکەن بۆ گرنگیدان بە وتنەوەی وانەیەک تایبەت بە هۆشیاریی و گرنگیی بۆ میدیاکار.
2) دەزگاکانی ڕاگەیاندن گرنگیی بدەن بەو بەرنامانەی کە دەبنەهۆی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی وەرگرانیان.
3) وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاربکات بۆ دامەزراندنی میدیایەکی نیشتمانیی بەمەبەستی بەرزکردنەوەی هۆشیاریی تاک لەسەرجەم بوارەکاندا لەسەر بنەمایەکی نیشتمانیی دوور لە بەرژەوەندی حزبیی و ناوچەیی و کەسیی.

**سێهەم/ پێشنیارەکانی توێژینەوەکە**

توێژەر پێشنیار دەکات کە توێژەرانی دوای خۆی چەند بابەتێکی ترهەیە کە لە دەرئەنجانی توێژینەوەکە دەرکەووتوە پێویستە توێژینەوەیان لەبارەوە بکرێت.

1- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر (کاریگەریی پەیامەکانی ڕاگەیاندن لەسەر هۆشیاریی وەرگر) بە میتۆدی چاوپێکەوتن و تێبینیکردن.
2- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر (کاریگەرییە نەرێنییەکانی ڕاگەیاندنی نوێ لەسەر هۆشیاریی و ئاگایی گەنجان)
3- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر (ڕۆڵی سیستەمی سیاسیی لەسەر پەیامەکانی ڕاگەیاندن و ئاراستەکردنی وەرگر لە هەرێمی کوردستاندا).
4- توێژینەوەیەک بکرێت لەسەر کاریگەرییەکانی نەبوونی میدیای نیشتمانیی لەسەر ئاشتی کۆمەڵایەتیی و گیانیی تەبایی لەنێوان هاوڵاتیان لە هەرێمی کوردستاندا.
5- گرنگیدانی میدیاکان بە بەرنامەی هۆشیاریی و هۆشیارکردنەوەی وەرگر و تاک بە ماف و ئەرکەکانیان وەک هاوڵاتی.
6- کارکردن بۆ دامەزراندنی میدیایەکی نیشتمانیی گشتگیریی سەرتاسەری لە هەرێمی کوردستان دوور لە سیاسەتی حزبیی و بەرژەوەندی ناوچەیی بۆ کۆکرنەوەی تاکەکان لەچواردەوری پرۆژەیەکی نیشتمانیی.

سەرچاوەکان


یەکەم: توێژینەوەی بڵاوکراوە بە زمانی کوردی

1. محمد، ئاریانا ئیبراهیم، 2020، کاریگەریی شێوازەکانی نووسینی هەواڵ و وێبسایتە ئەلیکترۆنیە کوردییەکان لەسەر تێگەیشتنی خوێنەر، توێژینەوەیەکی رووپێویی شیکارییە، هەواڵەکانی رووداونێت بە نموونە، گۆڤاری توێژەر، گۆڤاری زانکۆی سۆران، بەرگی (3)، ژمارە (2).
2. نامق، چنار، 2021، رای گشتی ئەلیکترۆنی (چەواشەکردنی میدیایی)، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.
3. حسن، ژیان هادی، ٢٠٢٢، ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییەکان لە گەشەپێدانی هۆشیاری ژینگەیی لە هەرێمی کوردستان، ماستەرنامە، پێشکەشی زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی بەشی ڕاگەیاندن کراوە.

دووەم: توێژینەوەی بڵاوکراوە بە زمانی عەرەبی

4. [1] صبرينة، قيدور جليل، ٢٠١٢، دور مواقع التواصل الاجتماعى فى نشر الوعى البيئي، رسالة ماجستر، كلية التربية, جامعة بيرزيت - فلسطين، ص. ٤٣.
5. عطوة، عبدالناصر، ٢٠١٣, دور الأدارة المدرسية فى تنمية وعى طلبة المرحلة الثانوية بالتربية البيئة فى مدارس محافظات غزة و سبل تحسينه، رسالة ماجستر، كلية التربية, الجامعة الأسلامية غزة.
6. بوجلال، عبد االله، 1991، الإعلام وقضايا الوعي الاجتماعي في الوطن العربي، مجلة المستقبل العربي، المجلد (14)، العدد (147)، لبنان، الناشر مركز دراسات الوحدة العربية.

سێیەم: کتێب بە زمانی کوردی.

چوارەم: کتێب بە زمانی عەرەبی.

7. بعلبكى، منير و منير، رمزى، 2009، المورد الحديث – قاموس انكليزى – عربى، ط2، لبنان، دار العام للملاين.
8. بكار، عبدالكريم، ٢٠٠٠، تجديد الوعي، دمشق، دار القلم للنشر والتوزيع.
9. داماسيو، انطونيو، 2010، الشعور بما يحدث - دور الجسد والعاطفة في صنع الوعي، لبنان، الدار العربية للنشر.
10. سليم، مريم، 2002، علم تكوين المعرفة: ابتستمولوجيا "بياجية"، بيروت، دار النهظة العربية.
11. دافيدوف، ليندال ل.، 1992، مدخل علم النفس لندال دافيدوف ترجمة: سيد طواب و محمود عمر ط3، القاهرة، الدار الدولية للنشر والتوزيع.
12. الحنفى. عبدالمنعم، 2000، المعجم الشامل لمصطلحات الفلسفة فى ( العربية. الانجليزيو الايطالية و الالمانية اللاتينية والعبرية والروسية واليونانية)، ط3، القاهرة، مكتبة مدبولى.
13. بن خلدون, عبد الرحمن، ١٩٦٥، مقدمه ابن خلدون، القاهره، دار الشعب.

14. محمد، علي محمد، 1980، الشباب والمجتمع، الإسكندرية، الهيئة المصرية العامة للكتاب.
15. العبد، عاطف عدلی، ۱۹۹۷، مدخل الى الاتصال والرأى العام، (الاسس النظرية والاسهامات العربية)، قاهرة، دار الفكر العربى.
16. عبدالحميد، د. محمد، 2001, نظريات الاعلام واتجاهات التأثير, ط. 3, بيروت – لوبنان, دار الطليعة للطباعة والنشر.

پێنجەم: کتێب بە زمانی ئینگلیزی.

17. Curran, James, 1979, Mass communication and society, London, Publisher: Edward Arnold in association with the Open University Press.
18. Hasker, William, 1999, The Emergent Self. Ithaca, Newyork and London: Cornell. University Press.
19. Hellman, Geoffrey Paul & Thompson, Frank Wilson, 2/10/1975, Physicalism: Ontology, determination and reduction, The Journal of Philosophy, Vol. 72, No. 17, Seventy-Second Annual Meeting of the American Philosophical Association Eastern Division.
20. Doob, Leonardo, 1950, Public opinion and Propaganda, New York, publish henry hold and co.
21. Gault, Robert H., 1923, SOCIAL PSYCHOLOGY, New York: Henry Holt Co for publishing.
22. prche, Vincent, 1992, communication concepts for public opinion, London, sage publication.
23. زنجیرە وانە(گورزەوانە):
24. حەسەن، هێمن مەجید 2024, ڕەهەندە زانستییەکانی دیدی گشتی، زنجیرە وانەکانی بۆ خوێندکارانی دکتۆرا، بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی.
25. لینکی ئینگلیزی:
26. Reinhardt, Wolfgang, , et al, 2012, Understanding the meaning of awareness in Research Networks, University of Paderborn Department of Computer Science, Paderborn, Germany, Date of the visit 29:8:2024, https://www.researchgate.net/publication/230640624_Understanding_the_Meaning_of_Awareness_in_Research_Networks